# چین و توێژە جیاوازەکان داوا دەکەن کێشە هەنووکەییەکان بە دیالۆگ چارەسەر بکرێ

ئاڵۆزیەکانی ئەم دواییەی هەندێك ناوچەی کوردستان بووە هۆی تاڵانکردن و سووتاندنی بارەگا و دامودەزگاکانی حکوومی و بەردبارانکردن و تەقەکردن و بەکارهێنانی چەک و تەنانەت کوژراو و برینداریشی لێکەوتەوە، هەموو دڵسۆزانی کوردی نیگەران کردووەو لەئێستادا هەوڵێکی گشتگیر هەیە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکەو ژمارەیەکی زۆری کارمەندو مووچەخۆرانیش داوای ئارامکردنەوەی رەوشی خۆپیشاندانەکان دەکەن و جەخت لەوەش دەکەنەوە کە ئەو گرژی و توندوتیژییانە نابێتە بەشێك لە چارەسەری قەیرانەکەو بەپێچەوانەوە دۆخەکە ئاڵۆزتر و پێگەی کورد لە ناوچەکە و جیهاندا لاواز دەکات، بەشداربووانی ئەم راپۆرتەش زیاتر ئەو پرسە بۆ خوێنەرانی گوڵان تاوتوێ دەکەن.



■ گوڵان: کۆمەڵایەتی

**کوردستان بە بارودۆخێکی سەختی ئابووریدا تێدەپەڕێت، بەڵام ئەجێندای سیاسیی وڵاتان و دەسەڵاتی سیاسیی ناوەند لە بەغدا تێکەڵ کراوە بە خواست و داواکاریی هاووڵاتیان و بەرنامەسازی کراوە بۆ تێکدانی بارودۆخی سیاسی و هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سووتاندنی باڵاخانەو بارەگای حزبی و حکوومی و تێکدانی تەواوی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لەهەرێم**

سەرەتا دکتۆر ڕێبین عەزیز بەرزنجی نەقیبی سەندیکای پزیشکانی ددانی کورستان، ڕایوایە: «گومانی تێدا نییە کە کوردستان بە بارودۆخێکی سەختی ئابووریدا تێدەپەڕێت، بەڵام ئەجێندای سیاسیی وڵاتان و دەسەڵاتی سیاسیی ناوەند لە بەغدا تێکەڵ کراوە بە خواست و داواکاریی هاووڵاتیان و بەرنامەسازی کراوە بۆ تێکدانی بارودۆخی سیاسی و هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سووتاندنی باڵاخانەو بارەگای حزبی و حکوومی و تێکدانی تەواوی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لەهەرێم.» هاوکات دەڵێت: «هەڵبژاردنی پێشوەختە باشترین بژاردەی دیموکراسییە بۆ دەرچوون لەم قەیرانەو هەنگاونان بۆ گەڕاندنەوەی شکۆی هەرێم و خزمەتکردنی هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان و هەر هەوڵێکیش بۆ تێکدانی یەکریزی خەڵکی کوردستان پێگەی کورد لاواز دەکات، بەتایبەت لە بەرنامەکانی داهاتووی هەڵبژاردنەکانی عیراق و چەسپاندنی دەستوور.»

خەسرۆ سیان کادری لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەبارەت بە هەمان پرس جەخت لەوە دەکاتەوە کە خۆپیشاندانی وا توندوتیژ کە دەڤەری سلێمانی گرتەوە، بەهیچ شێوەیەك خزمەت بەو دۆخە نالەبارەی کوردستان ناکات و هاوکات دەڵێت: «گێرەشێوێنی و کاری تێکدەرانە لەو بەناو خۆپیشاندانانە بە هیچ شێوەیەک نابێتە چارەسەر، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی تێکدانی باری ئەمن و ئاسایشی وڵات و تەنیا چارەنووسی کورد دەخاتە مەترسییەوە، هەروەها گێلترین مرۆڤ دەزانێت کە سووتاندنی بارەگا حزبی و فەرمانگە حکوومییەکان زیانگەیاندنە بەداهاتی وڵات، چونکە دواجار لەسەر بودجەی حکومەت نۆژەن دەکرێنەوە، بۆیە ئەم خۆپیشاندان و توندوتیژییانە تەواو پێچەوانەی بنەماکانی یاسا و کۆمەڵگەی مەدەنییە و جگە لە موزایەدە بۆ سوودمەندبوونی چەند کەسێك کە دەیانەوێت لە داهاتوو پۆست و پلە و پایەی پێ وەربگرن و جگە لەو کارەساتەی کە چەند دایك و باوكێك جەرگسووتاو بن، هیچ سوودێکی دیکەی نییە، هەروەها دیار و ڕوونە جووڵاندنی ئەو هەموو هاونیشتمانییە بۆ سووتاندنی نیشتمانی خۆیان، شتێکی خۆڕسك نییە و گومانی تەواو هەیە کە هاندانیان دەستی هەرێمایەتی و ناوخۆیی لەپشتە بۆ ئەوەی ئەو دەستکەوتانەی کە بە خوێنی ڕۆڵەکانمان بەدەست هاتووە، لەناوی ببەن. بۆیە داوا لە هاونیشتمانیان دەکەین دوور بن لە هەموو توندوتیژییەك، دەبێت ئەوە بزانین کە ئامانجی گەورە باجی گەورەشی دەوێت،
من خۆم ئامادەم نەک بە بێ مووچە دەوام بکەم،
بگرە ئامادەم ڕۆحم بەو وڵاتەکەم ببەخشم و تا
دوادڵۆپی خوێنم بەرگری لە خاك و ئاو و
ئاڵای وڵاتەکەم بکەم.»



**بەهۆی دەستوەردانی دەرەکی و دوژمنانی کوردەوە، پرسی بە خاوەن دەوڵەت بوونی کورد، بۆ پرسێکی شەخسی و بەدەستهێنانی کورسی و ئیمتیازات گۆڕاوە. لەو پێناوەشدا ئابلۆقەکانی دوژمنکارانە لەسەر کوردستان نادیدە دەگرن و تەنیا دەیانەوێت لایەنێکی پێ تاوانبار بکەن و کۆمەڵگەی کوردی لە ڕەوتی نەتەوەیی دوور بخەنەوە**

**جووڵاندنی ئەو هەموو هاونیشتمانییە بۆ سووتاندنی نیشتمانی خۆیان، شتێکی خۆڕسک نییە و گومانی تەواو هەیە کە هاندانیان دەستی هەرێمایەتی و ناوخۆیی لەپشتە بۆ ئەوەی ئەو دەستکەوتانەی کە بە خوێنی ڕۆڵەکانمان بەدەست هاتووە، لەناوی ببەن**

**گێلترین مرۆڤ دەزانێت کە سووتاندنی بارەگا حزبی و فەرمانگە حکوومییەکان زیانگەیاندنە بەداهاتی وڵات، چونکە دواجار لەسەر بودجەی حکومەت نۆژەن دەکرێنەوە**

دوریا شێروانی وەک مامۆستا و چالاکێکی مەدەنی، سەرەتا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «پرسی کورد، پرسی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو پرسی دوێنێی باب و باپیرانی کورد بووەو پرسی ئایندەی نەوەکانیشیان دەبێت.» هاوکات دەڵێت: «ئەم بارودۆخە نەخوازراوەی ئەمڕۆ بەسەر کوردستاندا هاتووە، بۆ دوو هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی دەگەڕێتەوە. لەکاتێکدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بە بارودۆخێکی گەلێك هەستیاردا تێدەپەڕێت و کوردستان لە رووی دۆخی ناوخۆ ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاستەنگ بووەتەوە، بەهۆی دەستوەردانی دەرەکی و دوژمنانی کوردەوە، پرسی بە خاوەن دەوڵەت بوونی کورد، بۆ پرسێکی شەخسی و بەدەستهێنانی کورسی و ئیمتیازات گۆڕاوە. لەو پێناوەشدا ئابلۆقەکانی دوژمنکارانە لەسەر کوردستان نادیدە دەگرن و تەنیا دەیانەوێت لایەنێکی پێ تاوانبار بکەن و کۆمەڵگەی کوردی لە رەوتی نەتەوەیی دوور بخەنەوە، دەنا ئەم خۆپیشاندانانەی کە ئەنجام دەدرێت، ئەگەر بە شێوەیەکی شارستانی و مەدەنییانە بێت، لەجێی خۆیەتی، چونکە میللەتێك داوای مافی خۆی دەکات، بەڵام شێواز و ڕێکارەکانی ئەم خۆپیشاندانانە دەبێ بگۆڕدرێت لە شەڕ و ئاژاوەوە بۆ داواکردنێکی ئاسایی و یاسایی، چونکە دواجار زەرەرمەند هەر خۆمان دەبین، بۆیە دەبێت میللەتی کورد لەم بارودۆخە هەستیارەدا زۆر یەکڕیز و یەکهەڵوێست و یەکدڵ و دەست بن بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە و سووربین لەسەر ئامانجەکەمان، نەك ڕێخۆشکردن بۆ ناحەزانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان.» گوتیشی: «با چاوێک بە ناو پەرتووکی مێژووی خۆماندا بخشێنینەوە و بەبیر خۆمان بێنینەوە کە چیمان بەسەرهاتووە و بەکوێ گەیشتووین، تەنیا بەوەش دەتوانین دۆست و دوژمنانمان لە یەکتر جیابکەینەوە. لە کۆتاییدا هیوادارم سیاسییەکانی کوردستان گرنگیی زیاتر بە هەستی خەڵك و ئەم بارودۆخە ناسکە بدەن کە ناحەزانی کورد دەیانەوێت بۆ تێکدانی ئارامیی وڵات و لەباربردنی دەستکەوتەکانمان بیقۆزنەوە. هەروەها ئەگەر ئێمە ڕێبواری ڕێگای سەربەخۆیین و هەڵگری ئاڵای ئاشتی و پێکەوەژیانین، دەبێت گەل بە سیاسییەکان بڵێت: بەڵێ بۆ یەکڕیزی و بەڵێ بۆ هەنگاونان بەرەو ئامانجی مەزن و، نەخێر بۆ خزمەتکردن بە ناحەزان و دوژمنانی وڵاتەکەمان، با خاوەن هەڵوێست بین و لەم تەم و مژاوی بوونەی سیاسەتی دژی کورددا (کوردستان یان نەمان) ببێتە دروشمی خۆمان و ڕۆڵەکانیشمان.»

ئەو رەوشە نەخوازراوەی هەرێمی کوردستان و ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و کاردانەوەکانی، زۆرینەی نزیک لە گشتیی کوردستانییانی نیگەران کردووە. ئەوەتا

ڕۆژنامەنووس هەلز عەلی، کە یەکێکە لەو دەیان ملیۆن کوردستانییەی لەو ڕووداوانە خەمبار بووە، بە نیگەرانییەکی زۆرەوە دەڵێت: «پاش ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر، رەوشی کوردستان بەرەو مەترسییەکی گەورە رۆیشتووە. بڕیاری سەرۆك مسعود بارزانی و زۆرینەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ گەیشتن بە سەروەریی و سەربەخۆیی کوردستان، گەلەکۆمەکیی لێ کراو خیانەتی ناوخۆیی بۆ بەرژەوەندی دەرکیی پاشەکشەی قورسی بە پێگەی نێودەوڵەتی کورد کرد، هەروەها هەوڵدان بۆ مەرامی سیاسیی دوژمنانی کورد بەردەوامە و خەڵك بە بیانووی نەدانی مووچە دەڕژێننە سەر شەقام و کۆمەڵێک تێکدەر تێکەڵی خۆپیشاندانی رەوای هاووڵاتیان دەکرێن، بۆ ئەوەی وێرانکاری بکەن، ئەوەش وایکرد کە بەداخەوە لە پارێزگای سلێمانی جارێکی دی ڕۆڵەی کورد بە دەستی کورد بکوژرێت. بۆیە ئەرکی سەر شانی هەمووانە کار بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانی دوژمنانی کورد بکەن.»

لە کۆتایی ئەم راپۆرتەی گوڵان، شیلان بیبانی شارەزا لە بواری ئابووری هێما بۆ ئەوە دەکات کە «رەوشی ئابووریی ئێستای کوردستان لە کاتێکی زۆر هەستیاردایە، بۆیە پێویستی بە بیرکردنەوەی قووڵ و دانانی ڕێوشوێنی جددی هەیە بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە، هاوکات دەڵێت: «ئەم بارە نالەبارە ئابوورییە بەو شێوە هەڵەشەیە چارەسەر ناکرێت، بە گۆڕینی سیستەمی ئابووری و مووچە و پاشەکەوت و کەمکردنەوەش چارەسەر ناکرێت، بەڵکو نیازی بە جیاکردنەوەی مووچەخۆری حەقیقی و ناحەقیقی، واتە (بەرهەمدار و بێ بەرهەم) هەیە. لە دونیای ئابووری هەر مووچەخورێك قازانجی ماددی نەبێت بۆ لایەنێك کە مووچەکە دابین دەکات، دەچێتە قاڵبی زەرەرمەندی، ئەم خاڵەش سەرچاوەی گرفتە ئابورییەکانە و چارەسەری یەکەمیش چاکسازی و دووەم هاوکاریکردنی حکومەتە بۆ سەرمایەدارەکان ئەویش بە دابینکردنی زەوی و ئاو و کەرەستەی کارخانە بۆ بەگەڕخستنی لایەنی پیشەسازی و بەکارخستنی هاووڵاتی، لەم کاتەدا هیچ دەرفەتێك بۆ کار نەماوە، بۆیە پێویستە بیرۆکە و بە کارخستن و هاوکاریی سەرمایەداران لە پێشەنگی کارەکانی حکومەت بن، جگە لەوەش بە زیادبوونی بەرهەمی ناوخۆیی نرخی بازاڕ روو لەکەمبوون دەکات، بۆیە هاوکاری کەرتی کشتوکاڵ زۆر گرینگە.» سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانیش رایوایە: «خۆپیشاندانی هێمنانە کاریگەری لەسەر حکومەت دەبێت، چونکە بەپێی بەندی جیهانی کارکردن مووچە مافە، دواخستنی یان نەدانی پێشێلکارییە لە بەندەکانی یاسای کارکردنی جیهانی، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا زۆرجار وڵاتان تووشی قەیران و گرفتی گەورەی ئابووری بوون، بەتایبەت دوای جەنگە جیهانییەکان، بەڵام ئەو هەنگاوانەی کە یارمەتیدەریان بووە بۆ رزگاربوونیان لەو قەیرانە، یەکەم شت چاککردنەوەی هەڵە سیاسی و ئابوورییەکان و دووەم بنیادنانی خەڵکانی بەرهەمهێن بووە، نەک خۆپیشاندانی و سووتاندنی دامەزراوە حکوومییەکان.»

# چالاکانی مەدەنی خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ ڕووداوەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان هەیە

شەڕی تیرۆریستانی داعش و هاتنی بەلێشاوی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەناخواز بۆ هەرێمی کوردستان و هاوکات بڕینی مووچە و بودجەی کوردستان لەلایەن بەغداوە، حکومەتی هەرێمی تووشی قەیرانێکی گەورەی ئابووری کرد، لەگەڵ ئەوەشدا ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییە رزگارکراوەکانی دەرەوەی هەرێم، بارگرانیی قەیرانەکەی قەبەتر کرد، سەرەڕای ئەوەش چەند کەسی ناسیاسی و لایەن و حزبی سیاسی سواری شەپۆلەکە بوون و خەڵکیان هان دا، لە دەڤەری پارێزگای سلێمانی بێنە سەرشەقام و تەنانەت پەلاماری دامودەزگا حکوومی و حزبییەکان بدەن و تاڵانی بکەن و بیسووتێنن. ئەگەرچی خۆپیشاندانی مەدەنییانە و دەربڕینی نارەزایەتی، مافی ئاسایی و یاسایی هەر تاکێکە، بەڵام بەکارهێنانی چەک و زەبر و زەنگ، دەچێتە خانەی یاخیبوون و سەرکێشی بۆ کاری تێکدەرانەو ئەنجامدانی تاوان، لەم ڕاپۆرتەشدا چالاکانی مەدەنی ڕوانگەی خۆیان لە بارەی ئەو دۆخە بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.



**هەڵبژاردن و خۆپێشاندان دوو کۆڵەکەی بەهێزی دیموکراسین و لە زۆربەی وڵاتانی جیهان پەیڕەو دەکرێن و لادان لە ڕێڕەو یاساییەکەشی قاڵبی دیموکراسی دەشێوێنێت و دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە**

**خۆپێشاندان مافی ڕەوای هاووڵاتیانە، بە مەرجێک هیچ پاڵنەرێک، یان دەستێکی ئاژاوەگێڕی لە پشت نەبێت و تێیدا خەڵک بە شێوازێکی شارستانی و دوور لە تێکدانی شار و سووتاندنی بارەگای حزبی و حکوومی داوای مافەکانی بکات**

سەرەتا حەسیبە سەعید وەک چالاکی مەدەنی و مامۆستایەکی دانیشتووی شاری سۆران هێما بۆ ئەوە دەکات کە «خۆپێشاندان مافێکی ڕەوای هەر تاکێکە لەپێناو خستنەڕووی بابەتێك، یان داواکردنی مافێك کە پێیوایە ئەو مافەی لەلایەن دەسەڵاتداران، یان حکومەتەوە لێی زەوت کراوە. هاووڵاتیان لە هەموو جیهان ئەم ڕێگایە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی دەگرنەبەر، هەروەها هەڵبژاردن و خۆپێشاندان دوو کۆڵەکەی بەهێزی دیموکراسین و لە زۆربەی وڵاتانی جیهان پەیڕەو دەکرێن، ئەگەر سەرنجی ئەو نارەزایەتی و خۆپێشاندانانەی چەند ڕۆژی ڕابردووی کوردستان بدەین، دەبینین ئەوانیش دەچنە خانەی دیموکراسی و مافی ڕەوای هاووڵاتیان، بە مەرجێك هیچ پاڵنەرێك یا دەستێکی ئاژاوەگێڕی لە پشت نەبێت و تێیدا خەڵك بە شێوازێکی شارستانی و دوور لە تێکدانی شار و سووتاندنی بارەگای حزبی و حکوومی داوای مافەکانی بکات، بەڵام لادان لەم ڕێڕەوە، قاڵبی دیموکراسی دەشێوێنێت و دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە.» گوتیشی: «بەداخەوە لە خۆپێشاندانەکانی ڕۆژانی ڕابردوودا لە سنووری پارێزگای سلێمانی بەهۆی نەبوونی بەرنامە و ڕێوشوێنی تایبەت، داواکان بە لارێدا بران، ئەوە زیاتر لە کودەتا و ئینقلابێك بۆ سەر حکومەت دەچوو، چونکە تێیدا لەلایەن کۆمەڵێك خۆپیشاندەرەوە چەك بەکارهات. ئەوەمان لەبیر نەچێت کە بەرپرسانی حکومەت لەم ماوەیەدا چەندین جار باسی هەبوونی قەیرانیان لە ناوخۆدا و سوپاسی خۆڕاگری هاووڵاتیانیان کردووە و بڕیاری ئەوەیان داوە بەپێی توانا، بە زووترین کات کێشەکان چارەسەر بکەن، بەڵام تاقمێك لە ڕێگای بانگەواز و ڕاگەیاندنی چەند کەناڵێکی ئاسمانیی ناوخۆ و بە هاوکاریی دەستی دەرەکی و هێزێکی بێگانە و سوودوەرگرتن لە قەیران و ئاڵۆزیی دۆخەکە، سواری شەپۆلی هەستی خەڵك بوون و دەرفەتەکەیان قۆزتەوە و خۆپیشاندانەکان بەلارێدا برد، کە بەداخەوە چەندین گەنج و لاو خوێنیان ڕژا. ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، هەر کاتێ داواکارییەکان لە قاڵبی شارستانی و دیموکراسی دەربچن، جگە لە زەرەری گیانی و ماددی هیچ دەستکەوتی تری نابێت، بۆیە با هەموومان هاوکاری سەرخستنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بین و خۆڕاگر بین و هەست بە ناسکیی بارودۆخی هەرێم بکەین. با پێکەوە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان، نە مافی کەسانی تر بخۆین و نە گیانی خەڵکیش بکەینە قوربانیی بەرژەوەندییەکانمان. دەبێت هەموومان لەگەڵ بەدەستێهنان و پێدانی مافی هاووڵاتیان بین، بە مەرجێك پەیامەکە دوور لە توندوتیژی و بە شێوەیەکی شارستانی و وەك خۆی بگەیەندرێت.»

محەمەد ئامۆکەیی بەرپرسی ڕێکخراوی سەراوردم بۆ پرسە ژینگەییەکان، سەبارەت بە هەمان پرس ڕایوایە «خۆپیشاندان و گردبوونەوە مافێکی ڕەوای هەموو گەلانی جیهانە و هاووڵاتیانی کوردستانیش دەتوانن لە چێوار چێوەی خۆپیشاندانی مەدەنییانە ئەنجامی بدەن، نەك هێرش بکرێتە سەر موڵکی گشتی و فەرمانگەکانی حکومەت و بارەگای لایەنە سیاسییەکان بسووتێنن.» هەر لەو بارەیەوە گوتی: «بە ڕای خۆم ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێت، پیلانێکی هاوبەشی دەرەکییە و بەداخەوە لە ناوخۆشدا تاقمێک هەماهەنگییان لەگەڵ کردووە، بۆیە دەبێت هاووڵاتیانی باشوور ئاگاداری ئەو پیلانە بن و نەهێڵن سەربگرێت، چونکە ئەگەر سەری گرت، ئەوە شتێك نامێنێ بە ناوی هەرێمی کوردستان و ڕەنگە بۆ زیاتر لە سەدەیەك بۆ دواوە بگەڕێینەوە، بەوەش ئەو هەموو خەبات و قوربانیدانەی چەندەها ساڵەمان بەفیڕۆ دەچێت و تەنیا دوژمن و ناحەزانی کوردیش دڵخۆش دەبن.» گوتیشی: «گومانی تێدا نەماوە کە ئێران بە هاوکاری عێراق و چەند حزبێکی باشوور دەیەوێ هەرێمی کوردستان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بکات و وەك سەردەمی شەڕی ناوەخۆ دووبەرەکی بکەوێتە نێو هاونیشتمانیانی کوردستان



و لە ئەگەری سەرکەوتنی ئەم پیلانەش کوردەکانی هەرسێ پارچەکەی دیکەی کوردستان بێ هیوا دەبن و ئەوانیش ناتوانن وەك ئێستا داوای مافەکانی خۆیان بکەن، جگە لەوەش دەیانەوێت لە ڕێگای دەروازەکانی سنوورەوە دەست بەسەر تەواوی باشووری کوردستاندا بگرن. ئێران بەنیازە دەروازەی فیشخاپوور بەتەواوی کۆنترۆڵ بکات، لە شەڕی نێوان ئێران عێراقیش دروشمی سەرەکییان ئەوە بوو کە دەیانگوت: لە کەربەلاوە دەچین بۆ ڕزگارکردنی قودس، ئەگەر ئەوەیان ۆ بچێتەسەر باشوور لە ڕۆژئاوای کوردستان دادەبڕێت و هیلالی شیعی بەتەواوەتی دروست دەبێت و لە ڕێگای ڕۆژئاواوە دەچنە سەر دەریای ڕەش و بە ئاسانی دەتوانن پەلاماری قودس بدەن، هەر بۆیەش ئەگەر سەیری سایتە ئێرانییەکان بکەین، دەبینین هەموو فۆکسەکانیان لەسەر دەروازەی فیشخاپوورە و دەڵێن: (بۆ ڕاگەیاندنی هیلالی شیعی بەردێکی گەورەمان لەپێش ماوە، ئەویش دەروازەی فیشخاپوورە)، بۆیە هەوڵی جددی دەدەن دەست بەسەر ئەو سنوورەدا بگرن، هەر بۆیەش لەدوای داگیرکردنەوەی کەرکووک ئێستا پلانی(ب)یان بە خۆپیشاندان بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی هەرێم داناوە، تەنیا یەکرێزی و خۆڕاگری ئەو خەونە نارەوایە بەتاڵ دەکاتەوە.»

نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەباح شێخانی، سەبارەت بە بارگرژییەکانی ناوخۆی کوردستان دەڵێت: «خۆپیشاندان مافە، بەڵام داواکردنی مافیش شێواز و ڕێگەی خۆی هەیە، ناکرێت بە ناوی خۆپیشاندانەوە فەوزا دروست بکرێت و هێرش بکرێتە سەر دامودەزگای حکوومی و بارەگای حزبی. جوانترین شێواز بۆ داواکردنی ماف، شێوازێکی مەدەنییانە و شارستانییە و نابێت بە توندوتیژی و کاری تێکدەرانە داوای ماف بکرێت. ئێمە لە هەرێمێکدا دەژین و نەوەی میللەتێکین و کەلتوورێکی هاوبەشمان هەیە، ئیتر هیچ پێویست بەوە ناکات بەرانبەر یەکتری توندوتیژ بین. تەبایی، یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵگە و کاریگەری بەرچاوی هەیە، مەبەست لە تەبایی و پێکەوەژیان، ئەوەیە تاك و گرووپ و پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵگە یەکتر قبووڵ بکەن، دژی یەکتر نەبن، لای میللەتی کورد هەمیشە فەرهەنگی پێکەوەژیان شتێکی باو بووە، ڕەگەکەی پەیوەندی بە کۆمەڵێك فاکتەری جوگرافی، مێژوویی و کەلتووری هەیە.»

ڕێگر نایف مزووری وەک بەرپرسی گرووپی ئاگرین و چالاکێکی مەدەنی ڕایوایە: «بارودۆخی ئێستای کوردستان بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت و بۆ گەلی کورد چارەنووسسازە، بۆیە پێویستە هەموان جیاوازیی هزری و ئایدیای حزبی بەلاوە بنێن و پێکەوە کاربکەن بۆ گەیشتن بە خەون و ئامانجی سەدان ساڵەی گەلی کورد کە بونیادنانی دەوڵەتی کوردستان و پیشاندانی ڕووی پێکەوەژیان و ئارامییە بە کۆمەڵگەی جیهانی». گوتیشی: «وەك دیارە ٢٠١٨/٥/١٢ لە باشووری کوردستان هەڵبژاردن دەکرێت و ئەم بارودۆخە گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام ئەگەر هەتا پێنج مانگی دیکە ئەم بارودۆخە بەردەوام بێت، پێویستە خۆڕاگر بین، چونکە دەستکەوتەکان بە ئاسانی بەدی نەهاتوون، هەتا بە ئاسانی لە دەستی بدەین. خوێنی گەشی هەزاران ڕۆڵەی کوردستان و پێشمەرگەی قارەمانی لە پێنادا ڕژاوە. لە سەرانسەری جیهاندا خوپێشاندان هەیە و بە شێوەیەکی مەدەنی دەکرێت، بەڵام ئەو خوپێشاندانەی لە کوردستان بە سووتاندن و وێرانکردن دەکرێت، بارودۆخەکە خراپتر و ئاڵۆزتر دەکات، ئەگەر خۆپیشاندەران خوازیاری گۆڕانکارین، فەرموون لە ٥/١٢ بە شێوازێکی دیموکراتی و ئازاد دەنگ بە لایەنی متمانەپێکراوی خۆیان بدەن، بەڵام بەداخەوە کەوتونەتە داوی ئامانجەکانی دەستی دەرەکی بۆ ئەوەی ئارامیی کوردستان تێك بدەن، بەڵام ئەوەیان بۆ ناچێتە سەر و ئەم دۆخە تێدەپەڕێنین.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**بارودۆخی ئێستای کوردستان بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت و بۆ گەلی کورد چارەنووسسازە، بۆیە پێویستە هەموان جیاوازیی هزری و ئایدیای حزبی بەلاوە بنێن و پێکەوە کاربکەن بۆ گەیشتن بە خەون و ئامانجی سەدان ساڵەی گەلی کورد کە بونیادنانی دەوڵەتی کوردستان و پیشاندانی ڕووی پێکەوەژیان و ئارامییە بە کۆمەڵگەی جیهانی**

**لەدوای داگیرکردنەوەی کەرکووک ئێستا پلانی(ب)یان بە خۆپیشاندان بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی هەرێم داناوە، تەنیا یەکرێزی و خۆڕاگری ئەو خەونە نارەوایە بەتاڵ دەکاتەوە**

